# بەردبارانكردنی "دوعا"و پیویستی خرۆشان لە دژی ئەنفالی ژنان

## لە كەناری رەخنەی رەشنوسی دەستوری هەریمەوە

فاتح شیخ و ریبوار ئەحمەد

بەردبارانكردنی دوعا، كۆمەلگای كوردستانی بە توندی تەكاندا، بەلام لە راستیدا پیش ئەوەی كۆمەلگاكەی خودی دوعا ئەم تەكانەبخوات، بە جۆش هاتنی كۆمەلگای جیهانی بووە هۆی راچلەكاندنی كۆمەلگای كوردستانیش. بەلام بەدەر لەمە لە هیچ حالیكیاندا نەدەبوو كۆمەلگای كوردستان چاوەری بیت تا بە رووداوی بەردبارانكردنی دړندانەی دوعا بیتە جۆش‌و خرۆش. سالەهایە لەم كۆمەلگایەدا جەهەنمیكی واقعی بۆ ژنان بەرپاكراوە، دەیان هەزار ژن كوژراون و سەربراون و زیندە بەچال كراون یان ناچار بە خۆكوژی‌و خۆ سوتاندن كراون. زۆریك لەم بەربەریەتە لە دژی ژنان لەبەر ئەوەی وەكو كارەساتی بەردبارانكردنی دوعا پەردەی لەسەر لانەچووە، لەبەر ئەوەی وەكو ئەو كارەساتە چاوە كامیرایان بەسەرەوە نەبوو، معلوم نیە كە تەنانەت لە بەردبارانكردنەكەی دوعاش دڕندانەتری تیا نەبووبی.

لە بەرامبەر ئەم جەهەنمەدا كە بۆ ژنان هەلخراوە، ئەوە موسیبەتیكی گەورەیە كە كۆمەلگا چاوەران بیت تا بە رووداوو دیمەنی جەرگبری ئەنجەنئەنجەن كردنی كچیكی تازە لاوی دلپر لە هیوا راچلەكیت. بەلام لەوەش موسیبەت تر ئەوەیە كە دوای ئەم رووداوەو لەگەل تیپەربوونی كاتدا، كۆمەلگا بە تەنیشت ئەم كارەساتەشدا تیپەریت بەبی ئەوەی ئەو واقعە تالەی ئیستای ژنان هەلگیریتەوە. بەداخەوە تا ئیستا هیشتا لە هیچ یەك لەو هەولانەی بەریخراوە، ئەو ئاسۆیە بەدیناكریت كە هەلگیرانەوەی ئەم واقعە بە كردەوە خرابیتە دەستوری كارەوە. دانی یاداشتنامەی نارەزایەتی‌و هات‌و چۆی ریگای تەلاری پەرلەمان‌و تەنانەت مانەوە لە ئاستی نوسینی ووتارو شیعرو پەخشان‌و كەمپین بەریخستنی ئیمزا كۆكردنەوەو بەرپاكردنی مەراسیمی ریزگرتن‌و نارەزایەتی دەربرینیش وەلامدەرەوەی ئەم بەربەریتە نیە. ئەگەر ئەم كارەساتە وەلامی مەحكەم‌و پراوپری خۆی وەرنەگریتەوە، گومان لەوەدا نیە كە دەبی رۆژانە گویبیستی كوشتاری بەردەوام‌و زۆركاتیش بە لیشاوی ژنان بین، تا جاریكی ترو دوعایەكی تر كۆمەلگا تەكاندەداتەوە.

ئەم رووداوە لە كاتیكدا روویدا كە ئیمە خەریكی رەخنەی رەشنوسی دەستوری هەریمی كوردستان بووین. لە راستیدا ئەو رەشنوسی دەستورە بەدەر لەوەی بە مەنزلی خۆی دەگات یان نا، بەلام كاكلەی نەریت‌و سیاسەت‌و كاركردی ئەو حیزب‌و بزووتنەوە ناسیونالیستی‌و عەشیرەتیانەیە، كە دەیان سالە لە پشتی ئەنفالكردنی ژنانەوە راوەستاون. بەردبارانكردنی دوعاش هەرچەندە ئەوەندەی لەبەرچاودایەو زانرانبیت، رووداویكی بێووینەیە لانی كەم لە میژووی هاوچەرخی كوردستاندا، بەلام هەورەتریشقەیەكیش نیە لە ئاسمانیكی سامالدا روویدابیت، بەلكو ئەمە تەنها لوتكەی بەربەریەتی ئەنفالكردنی ژناندا لە كوردستاندا.

ئیمە ئەمجارە لە كەناری رەخنەی دەستورەوە، دەچینە سەر هەندیك لایەنی ئەم مەسەلەیەو لە كۆتایشدا وەكو ئەنجامگیری ئەوە دەست نیشاندەكەین كە لە دەبی لەبەرامبەر ئەم رووداوە چی بكریت‌و بە دیاریكراویش ئەركی كۆمۆنیزمی كریكاری لەم مەیدانەدا چیە.

## دەوری دەسەلات لە ئەنفالی ژناندا

دەورو جیگاو ریگای دەسەلات لە عیراق‌و كوردستاندا، لە دەیان سالی رابردوودا بەرامبەر بە كوشتارو سەربرین‌و تیرۆری ژنان بە تەواوی رۆشن بووە. ئەوان جگە لەوەی بە دەستورو یاساو نەریت‌و كاكردی خۆیان هەمیشە لە پشتی ئەم بەربەریەتەوە راوەستاون‌و ئاگری ئەو جەهەنمەیان خۆشكردوە، زۆرجاریش خۆیان حەملەی كوشتنی ژنانیان بەریخستوەو بە چەكدارو دام‌و دەزگاكانی خۆیان ئەم حملەیەیان ئەنجامداوە. فتوای رژیمی بەعس بۆ كوشتاری ژنانی بنەمالە بە بەهانەی پیسی "غسل العار"، هەروەها حملەی كوشتاری بە لیشاوی ژنان لە هاوینی سالی 91 لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی كوردەوە، بەلگە زەق‌و ئاشكراكانی ئەم راستیەن.

بەلام دوای ئەوەی لەم چەند سالەدا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە ژێر زەختی رای گشتی ناوخۆو زەختی جیهانیدا بەرامبەر کوشتاری ژنان، ناچاربوون فروفیشالی ئالوگۆر لە یاساو بەرگرتن بە کوشتاری ناموسپەرستانەی ژنان بەریبخەن، بەبی ئەوەی تۆزقالیك لەو واقعە تالەی بگۆرن، ئەمجارە لە رووداوی بەردبارانکردنی دوعاو ئیستاش پاش تیپەرینی یەك مانگو نیو بەسەر ئەو رووداوەدا، ئەو جیگایە کە دەسەلات تیادا راوەستاوە بەرامبەر کوشتاری ژنان رۆشنتربووەتەوە. دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد هەرچەندە لە ژیرزەختیکی گەورەی جیهانیو ناوخۆدا ناچاربوو دوای تیپەرینی چەند رۆژ لەو رووداوە کارەستبارەی بەبەرچاوو لەبندەستی خۆیاندا روویداو بینە قسە، بەلام هەر لەیەکەم قسەیان تا ئاخر قسەیان، سەرجەم تیکەلاویك بوو لە پەلەقاژە بۆ چەواشەکاریو هیورکردنەوەی تورەیی خەلكو بەلاریدابردنی رەوتی نارەزایەتیەکانو کرینی کات بۆ تیپەراندنو لەبیربردنەوەو راهینانی خەلك لەگەل ئەو کارەساتەدا.

لە پیشدا ئەوەیان زەقکردەوە کە ئەو ناوچەیە لە رووی ئیداریەوە لە ژیردەسەلاتی حکومەتی هەریم نیە، هاوکات کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەی کە ئەم کیشەیە پیلانیکە بۆ کۆسپ دروستکردن لەبەردەم پیادەکردنی مادەی 140 و پیویستە خەلك ئارام بیتەوەو داوایان لە پروپاگەندەچیانی دەسەلاتو دینو عەشیرەتو مزگەوتکرد ئەم مەسەلەیەیان بۆ هیورو لە راستیدا دیزە بەدەرخۆنە بکەن. دوای ئەوەی ئەمانە زۆر دادی نەدان، ئەوکات کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەی کە گوایە تاوانباران سزادەدەنو نایەلن ئەم تاوانەیان بەسەردا بچیت. بەلام تا ئیستا ئیتر گومانیك لەوە نەماوەتەوە کە هەموو ئەمانە سەرجەم بە پاساوەکانو بە دەمکوتان لە سزادانی تاوەانبارانەوە هەموو لە یەك قوماشبونو دەسەلات هەر لەیەکەم ساتەوە بە واقعی لە کەنار ئەم تاوانەوە راوەستاوەو بەرپرسانی گەورەی دەسەلات خۆیان لە تاوانبارانی ئەم رووداوەن.

بەپیی ئیعترافاتی خۆیان دوعا لەلایەن دەسەلاتەوە، بە دیاریکراوی لەلایەن جیگری پاریزگاری موصل کە لە هەمانکاتدا بەرپرسی بالای پارتیە لەگەل پۆلیسو ئاسایشی سەر بە پارتیو حکومەتی هەریمەوە تەسلیم بە بنەمالەکراوەتەوە بۆ ئەوەی بەو دەردەی بەرن. ئەمە پیش هەموو شتیك ئەو پروپاگەندە پوچە ریسوا دەکات، کە لە سەرەتاوە وایان نیشاندەدا گوایە لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە لە رووی ئیدرایەوە سەربە حکومەتی هەریم نیە، دەستی ئەوانی بۆ ئیجرائاتی پیویست گرتووە. ئیستا ئیعترافاتی خۆیان نیشانیدەدات کە هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکە لە دەستی دامو دەزگاکانی خۆیاندابووە. بە دەمی خۆیان دەلین ئیمە دوعامان تەسلیم بە بنەمالە کردوە، گوایە بە بەلینی نوسراوی ئەوەی کە نابی بیکوژن. ئەم بەهانەو پاساوە لە پوچ پوچترە، دەیان سالە بەم شیوەیە ملی کچان دەخەنە بەر چەقۆی پیسی عەشیرەتو بنەمالە. ئەگەر تۆزقالیك راستی لەم مەسەلەیە ببوایە دەکرا بپرسین ئایا لە کوشتنی هەزاران ژن پاش تەسلیم کردنەوەی بە بنەمالەو وەرگرتنی بەلینی بە نوسراو بۆ نەکوشتنی، هەر تەجروبە لەم ریگا ریسواو پر شەرمەزاریە وەرنەگیرا؟ تا کەی بەم بەهانە پیسە دەیانەوێ دەورو تاوانی خۆیان پاساو بدەن؟ ئەگەر توزقالیك راستی لەو پروپاگەندانەدا هەبیت، دەکری بپرسین تاکەیو دوای کوشتنی بەم جۆرەی هەزاران ژن، کەی دەستبەرداری ئەم زیندەبەچالکردنەی ژنان دەبن؟ ئایا حکومەتی هەریمو ئەحزابی ناسیونالیستی دەسەلاتدار ئامادەن هیچ مەسەلەیەکی تر، بۆ نمونە مەسەلەی یاخی بویەکی خۆیان، بسپیرن بە دەستی عەشیرەتو بنەمالەکەی خۆیو ریگاچارەی عەشایەری؟

بەلام بە جیا لەمە، خودی ئەوەی لە هەلومەرجیکدا کە حملەی فراوانی ئەنفالکردنی ژنان بەریخراوە، لەم کاتەدا کچیك لە لەلایەن دامو دەزگاکانی حکومەتەوە تەسلیم بە دەسەلاتی دواکەوتوانەی عەشیرەتو بنەمالە دەکریتو دەخریتە بەردەم نەریتی پیسی عەشایەریو دواکەوتوانەی دینی، خۆی گەورەترین تاوانەو بەشداری راستەوخۆیە لەو حملەی ئەنفالو بەردبارانکردنەی ژناندا. گوایە ئەو دەسەلاتەی کە شەوو رۆژ هاتو هاوار بۆ دیموکراسیو ئازادی دەکات، چاوەروانی چی دەکات لە میرو عەشیرەتو پیاوانی کۆنەپەرستی دینی، بۆ مامەلەو بە ووتەی ئەوان "چارەسەرکردنی کیشەیەکی کۆمەلایەتی" بەم جۆرە؟ تەنانەت ئەگەر دوعا بەردباران نەکرایەو نەکوژرایە، ئایا ئەوە لە رۆژی روناك رۆشنتر نەبوو کە بە چ دەردیك دەبریت؟ ئایا گومان لەوە هەیە کە لە باشترین حالەتدا چارەسەری عەشایەری بۆ ئەم مەسەلانە شتیکە لە بابەتەی ئەوەی بە سوکایەتی ناچاری بکەن بە خۆ سوتاندنو خۆکوشتن؟ دەسەلاتیك کە ئەمە بە ریگاچارەو چارەسەری کیشە ناوببات، خۆی نوقمی تاوانو کۆنەپەرستیەو راستەوخۆ بەشداری هەیە لە کوشتاری ژنانداو لە ئاستی ئەوەدا نیە دەم لە دیموکراسیو بەرگری لە مافی ژنان بکوتیت. دەسەلاتیك کە تۆزقالیك هەست بە

لیپرسیراویتی بکات بەرامبەر ماف‌و گیان‌و چارەنوسی هاولاتیانی، دەبی لە ئاست ئەم لیدوانانەی بەرپرسانی بالایدا ئارەقی شەرمەزاری ببارینێ.

هەموو وەزارەتخانەکانی هەریم بۆ پاریزگاری لە دەسەلات‌و مەرامی ئەحزابی دەسەلاتدار رۆژ تا ئیوارە تەقەلا دەکەن، بەلام پرسیار ئەوەیە وەزارەتخانەی داد لە بەرامبەر ئەم هەموو تاوانکاریەدا لە کوێ خەوتوەو بۆ دەنگیکی لیوەنایات؟ کە ئەو مودەعی عامەی بەردەوام ئامادەیە بە ناوی بەرگری لە مافی گشتیەوە، بۆ بردنەپیشی مەرامەکانی دەسەلات، لەسەر هەر مەسەلەیەك بیتە قسە، لە ئاست کوشتاری هەزران ژن‌و بەردبارانکردنی دوعادا، چەند شکایەت‌و دەعوای تۆمارکردوە؟ ئەو دەسەلاتەی کە لەو جیگایەی لە ژیر زەختدا ناچار دەبیت باسی سزادانی بکوژانی ژنان بکات، تا ئیستا چی کردوە بۆ سزادانی بکوژانی هەزاران ژن؟ جەنابی جیگری پەرلەمان کە لە خۆیەوە هەموو دنیای کردوە بە شایەتی "بی وینەبوونی تەجروبە دیموکراسیەکەیان لە ناوچەکەدا" چۆن پاساوی بەشداری راستەوخۆی بەرپرس‌و دام‌و دەزگاو چەکدارەکانی حیزب‌و حکومەتەکەی دەدات لە بەردبارانکردنی دوعادا؟

باسی سزادانی تاوانبارانیش هەر وەکو پیشبینی دەکرا، تەقەلایەك بوو بۆ هیورکردنەوەی نەفرەت‌و نارەزایەتی خەلکی ئازادیخواز بەرامبەر بەربەریەتی بەردبارانکردنی ژنان، ئەوەتا دەبینین دوای تیپەرینی یەك مانگ‌و نیو بەسەر ئەو رووداوە جەرگبرەدا، هیچ یەك لە تاوانبارانی ئەصلی ئەو کارەساتە دەستگیرنەکراون، باسی دەستگیرکردنی کۆمەلیك دەستوپیوەندی تاوانبارانی ئەصلی دەکرێ، بەلام ئەگەر ئەمە راستیش بیت تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەگەر وەزعەکە هیور بووە، ئازادیان بکەن‌و بلین تاوانەکەیان بەسەردا ساغ نەبوەتەوە. پاشانیش تاوانبارانی ئەصلی‌و بکوژانی دوعا، هەروەکو تاوانباری بکوژانی مهاباد‌و جوان عبدالله لەلایەن دەسەلاتەوە بە ستایشەوە دەگیردرینەوە بۆسەر پیشە چەپەلەکەی خۆیان. خەلکی کوردستان بە بەرچاوی خۆیان دەبینن کە تا ئیستا لە هەزران تاوانباری بکوژی ژنان، تەنانەت یەك تاوانباریش سزای خۆی وەرنەگرتووە.

## نابی کۆمەلگا بە تەنیشت ئەم کارەساتەدا تیپەریت!

ئیستا دوای مانگ‌و نیویك وەکو رۆژی روناك دیارە کە دەسەلات ویستی بە کرینی کات بۆ هیۆرکردنەوەی نەفرەت‌و تورەیی خەلك، بە تەنیشت ئەم کارەساتەدا تیپەریت، وەکو رۆژی روناك دیارەی لیدوانە چەواشەکارو ریسواکانی نوینەرانی دەسەلات پوچ‌و بێناوەرۆك بوون‌و بە نیازی ئەوەنین هیچ هەنگاویکی جدی‌و واقعی بەرامبەر ئەم کارەساتە هەلگرن، تەنانەت ئەوەش رۆشنبوەتەوە کە هات‌و چۆی ریگای پەرلەمان‌و دەزگاکانی حکومەت‌و داوای مەرحەمەت لەوان، تا دەگات بە نوسینی وووتارو خویندنەوەی پەخشان‌و شیعرو لیدانی مۆسیقاو هەلکردنی مۆم‌و کۆکردنەوەی ئیمزا، کە هەر هەمووی نیشانەی دلسۆزی‌و دەربرینی نارەزایەتی‌و بە هۆلەوەبوونە بۆ مافەکانی ژنان‌و بەدەنگهاتنە دژی ئەم کارەساتە جەرگبرە، بەلام بۆ وەلامی ئەم مەسەلەیە کارسازنین. بەردبارانکرانی دوعا یەکجار کارەساتیکی گەورەو جەرگبرە، گەورەترو جەرگبرتر لەوەی تا ئیستا لە ئاستی گشتیدا رەنگیداوەتەوە. لە هەمانکاتدا ئەم رووداوە لە ئەندازە بەدەر خەتەرناکە، هەر کەس‌و لایەن‌و دەسەلاتیك بیەوی ئەمانە لە بیری خەلك بەریتەوەو کۆمەلگا لە ئاست ئەم رووداوە هیوربکاتەوە، جگە لەوەی دەیەوێ ئەم کۆمەلگایەو بە تایبەتی ژنان بخاتە بۆسەوە هیچ مەبەست و مەرامیکی تری نیە. تیپەرین لە پەنای ئەم رووداوەو هیوربونەوە بەبی لیدانی سەرنگەریکی مەحکەم دژی بەربەریەتیك کە بەرامبەر ژنان بەریوەدەبریت، مەسەلەیەکی هەتا بلی خەتەرناکە. بە تایبەت کە ئالۆزی وەزعی ئەم کۆمەلگایەو دەوری هیزو بزووتنەوە کۆنەپەرست‌و تیرۆریستە ئیسلامیەکان، ریگاخۆشکەری ئەوەن‌و هەولیانداوە ئەم مەسەلەیە بەلاریدا بەرن، هەولیانداوە لە جەنگ دژی ئەنفالکردنی ژنانەوە بیگۆرن بە جەنگی کۆنەپەرستانەی دینی‌و قەومی‌و بەرامبەرکێی تیرۆریستی.

کۆمەلگا خەریکە لە ژیرباری کۆمەلیك مەسەلەو کیشەی واقعی‌و هەولی چەواشەکارانەی دەسەلات‌و ئەحزابی حاکمدا، بە تەنیشت ئەم مەسەلەیەدا تێدەپەرێنرێت. کیشەی تیرۆریزم‌و تەقینەوەو نا ئەمنی لە ئیستای ئەم کۆمەلگایەدا زۆر گەورەو خەتەرناکە، کارەساتی کۆمەلکوژکردنی کریکارانی یەزیدی‌و خەتەری شەری یەزیدی‌و ئیسلام خەتەرو کارساتیکی گەورەیە، گومان لەوە نیە خەلکی دەبی بە هوشیاری‌و حەساسیەتی تەواوە تییانبروانن‌و بەرامبەریان راوەستاتن. بەلام دەبی ئەو راستیە لە ژیر تەپ‌و تۆز دەربیت کە

کارەساتی بەردبارانکردنی دوعا ئەگەر لەو کیشانە گەورەتر نەبیت بە هیچ جۆریك بچوکترو کەم خەتەر تر نیە. مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە کچیکی تازە لاوی یەخسیر بەو شیوە درندانەیە جەستەی هارراوە، بەلکو زۆر لەوەش زیاتر ئەمە دیمەنیکە لە سیناریۆی رەشی ئەنفالکردنی ژنانی ئەم کۆمەلگایە، ئەمە هەلکردنی ئالاو راگەیاندنی پەرەپیدانی جەنگی سەلیبیە بۆ ئەنفالکردنی ژنان، ئەگەر ئەم کارە هەر لە جیگای خۆیدا لەگەل کاردانەوەی شیاوی خۆیدا بەرەوروو نەبیت، سبەینێ ئەم کۆمەلگایە دەبیتە شایەتی ئەنفالی ژنان بە شیوەی بەربلاوترو درندانەتر لەوەی لە دەیان سالی رابردوودا شایەتی بووە. ئەم مەسەلەیە زۆر لە بەردبارنکردنی خودی دوعا گەورەترە، قوربانیان ئەم سیاسەتو نەریتو دیاردەیە، تا ئیستا لە کوردستاندا زیاترە نە کەمتر لە کارەساتی هەلەبجەو دەبی ئەم ئەبعادەی ببینریت.

بکوژانی ژنانو ئەو دەستورو دەسەلاتو نەریتەی لە پشتیانەوە راوەستاوە، خەریکە ئەم کۆمەلگایە لەگەل کوشتنو سەربرینو ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی رادەهینن، ئەگەر وا نەبوایە پیویست نەبوو کۆمەلگا چاوەروان ئەوەبیت بەردبارانکردنی درندانەی دوعا رایچلەکینێ. هەموو رۆژو سەعاتو تەنانەت ساتیك ئەم کۆمەلگایە دەبی لە ئاست کارەساتەکاتنی ژیانی ژناندا راچلەکێو بیتە جۆشو خرۆش. کام رۆژ و لە کام ناوچەو شارو گەرەك هەیە رۆژانە هەوالی کوشتن یان خۆسوتاندنو خۆکوشتنی ژنانیك گوێی خەلك نەزرنگینیتەوە؟ کۆمەلگا بۆ لە ئاست ئەو هەوالو رووداوە جەرگبرانەدا دەستەوئەژنۆ راوەستاوە؟

بەردبارانکردنی دوعا دەبی زەنگی بە خەبەر هینانی کۆمەلگا بیت لەم بەربەریەتە گەورەیەی کە بەردەوامو هەموو رۆژە جەستەی دوعاکانو ژنانی ئەم کۆمەلگایە ئەنجەنئەنجەن دەکات. لە بەرامبەر ئەمەدا ئەو کارانەی تا ئیستا کراون، دەکریت ویژدانی ئەو کەسانە راحەت بکات کە تیایدا بەشداربوونە، بەلام بە هیچ جۆریك کافیو کارسازو وەلامگۆ نین. کۆمەلگای کوردستان بەراستی پیویستی بە شۆرشیك هەیە لە دژی ئەنفالکردنی ژنان.

دەبی لە جەرگەی ئەم کۆمەلگایەدا ئالای ئەم شۆرشە هەلبکریتو تا ریشەکیشکردنی ئەم بەربەریتە لە دژی ژنان، گشت کۆمەلگا لە جۆشو خرۆشدا رابگیریت. هەلکردنی ئالای ئەم شۆرشەو بەرپاکردنی جەنگیکی کۆمەلایەتیو هەمەلایەنە لە دژی بەردبارانکردنی دوعاو ئەنفالکردنی ژنان، ئەرکیکی گەورەیە لە ئەستۆی کۆمۆنیزمی کریکاریو مەیدانیکی سەرەکی نەبەردی ئەم بزووتنەوەیەیە بۆ رزگارکردنی کۆمەلگا. ئەوە راستە کە کۆمەلگای کوردستان کۆمەلگایەکی مودیرنو خاوەن جەماوەریکی ئازادیخوازو بە دەنگهاتوە لە دژی چەوسانەوەو زولمو زۆرداریو ستەمکیشی ژنان، بەلام ئەوە واقعیەتیکی تەجروبە کراوو سەلماوە کە ببی کۆمۆنیزمی کریکاری، بەبی گیرانی دەوری رابەری لەلایەن کۆمۆنیزمی کریکاریەوە، بەرەی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی ئەم کۆمەلگایە وەکو دێویکی خەوتوو نابیتە هیزیکی ئالوگۆربەخشی واقعی.

ئالای یەکسانییخوازی ژنانو جەنگین بەرامبەر بێمافیو ستەمکیشیو کوشتاری ژنان، هەر لە رۆژی ئەوەڵی پینانەمەیدانی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا، بە دروست یەکیك بوو لە ئالا شەکاوەکانی دەستی ئەم بزووتنەوەیە، یەکیك بوو لە مەیدانەکانی نەبەردی سیاسیو کۆمەلایەتی ئەم بزووتنەوەیە، هەر بەم پیەش یەکیك بوو لە مەیدانەکانی پەرەسەندنو هیزگرتنو هیزنواندنو کاریگەری دانانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر کۆمەلگاو مەیدانو هاوکیشەی سیاسی. دروست لەو کاتەدا کە کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان توانیان سەنگەریکی قایم لە دژی کوشتاری ژنان لیبدەن، ریژەی کوشتارو تاوانکاری بەرامبەر ژنان بەرادەیەکی بەرچاو هاتەخوارەوە. لەو کاتەشەوە کە کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا پاشەکشەی بەسەردا سەپینراوەو دەستی لە رابەری کردنی ئەم مەیدانەدا کورت بوەتەوەو بوار کراوەتەوە بۆ بزووتنەوەکانی تر تا ئیحتوای بزووتنەوەو مەسەلەی ژنان بکەن، تەنانەت لەو سالانەی دوای ئەوەش کە گوایە لەلایەن تالەبانیو بارزانیەوە کوشتاری ژنان بە بەهانەی ناموسی قەدەغەکراوە، هەتا ئامارە رەسمیەکان زۆر بە رۆشنی نیشانیدەدەن کە ریژەی کوشتنی ژنان بە شیوەیەکی یەکجار گەورەو سەرسورهینەر چوەتە سەرەوە. ئەمە ئاشکراتیرین سەنگو پیوانەیە بۆ لە مەحەکدانی دەوری کۆمۆنیزمی کریکاری لەم مەسەلەیەدا.

ئیستا لە کاتیکدا کە خەتەری جەنگی سەلیبی لە دژی ژنان گەورەتربوەتەوە، ئیستا کە ریژەی کوشتاری ژنان رووی لە زیادبونیکی خیرایە، ئیستا کە تیرۆری ژنان پەرەی سەندوە بۆ ئاساتی سەنگەساری درندانەی لەو بابەتەی دوعای تیایدا بەردبارانکراوە، ئیستا کە ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەی بە دەستیك خەریکی لە پشتدانی ژنکوژانو بە دەستەکەی تر خەریکی چەواشەکاریە بۆ

هیورکردنەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر ئەم کارەستگایە. هەر وەها ئیستا کە کۆمۆنیزمی کریکاری خەریکە بە پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری کوردستان، بە گورو تەوژمیکی نویَ، تیهەلچونەوەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتی سەر لە نویَ دەست پیدەکاتەوە، دەبی ئالای جەنگیکی کۆمەلایەتی دژی ئەو جەنگەی لە دژی ژنان بەرپاکراوە هەلبکات، کۆمۆنیزمی کریکاریو هەلسوراوانو رابەرانی کۆمۆنیستو رادیکالی بزووتنەوەی یەسکانیخوازی ژنان، بەم ئالایەوە، لە بنەرەتدا لە دلو ناوجەرگە کۆمەلگای کوردستاندا، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بهینەمەیدانو سەنگەریکی مەحەکم لە دژی ئەنفالی ژنان لیبدەنەوە. سەرەتای ئەمەش بە کاردانەوەیەکی گەورەو فراوانو مەحکەم دژی بەربارانکردنی دوعا دەست پیبکات. کاردانەوەیەك کە دەسەلات ناچار بکات بە تەحەمولکردنی مسئولیەتی تەسلیم کردنەوەو بەردبارانکردنی دوعا، هەروەها بە سزاگەیاندنی هەموو ئەوانەی دەستیان لەم تاوانەدا بووە. هەر لیرەشەوە هەنگاو هەلگرتن بۆ ناساندنو سزادانی سەرجەم بکوژانی ژنان لەم چەند سالەدا، ئیدانەکردنو قەدەغەکردنی تەسلیمکردنەوەی ژنان بە بنەمالەو کورتکردنەوەی دەستی بنە مالەو عەشیرەت بۆ دەستوەردان لە کیشەی ژنان. جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردنو هەلوەشانەوەی سەرجەم ئەو یاساو ریسایانەی کە لە دینەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەمە ئەرکیکی گەورەی ئیمەیە لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری کوردستانو هاتنەوە مەیدانیکی سەر لەنویو بەرفرازانی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستاندا. لەم ئانو ساتەدا، بەبی دەستبردنی فەوری بۆ ئەم کارەو پیش ئەوەی ناسیونالیزمی کورد بتوانی کۆمەلگا بە تەنیشت ئەم رووداوە کارەساتبارەدا تیپەرینیَ، پیکهینانی حیزبو تیهەلچونەوەی سەر لەنوی کومۆنیزمی کریکاری، لە ئیستادا مانایەکی مەلموسو عەمەلیو کۆمەلایەتی پەیدا ناکات.